# من و هۆشیار و شینایی..!!

کورتەچیرۆک

سەردارخۆشناو/١٥/١/٢٠٠٣



دەمێك بوو گوێم لەدەنگی نەببوو، زۆرم خۆش دەوێ و زۆریش لەبیریئەودا شەوان ئەلبومی وێنەکان سەرەو ژێردەکەم، ئەو رۆژەش کەخەیاڵم لەسەرخەوێکی گەرم دابوو، دەنگی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بردمیەنێوتریێلەی رێگە دوورەکانی ئەمریکاو بەجووتە سەعات دووی پاش نوێژی نیوەرۆی چلەی هاوینی ئەو رۆژە، کەگەرما لەناوەراست سەرژێرو تیژ رووی لەزەوی کردبوو بەدەم پێکەنینێکی بێتام هەربۆ خۆشی بەپێ چووینە سەر شینایی، لەخۆشی یەك و دوو، گەرمامان هەربیرنەبوو، ئارەق تنۆك تنۆك سەروملی باش تەرکردبووین هێدی هێدیش بەپشتمان لێژدەبۆوە، ئەو رۆژە لەوگوندەی کەنزیك شینایيەکمانە زەماوەندی وریا بوو، بێگومان ئێوە وەك من وریا ناناسن بەرلەوەی لێم بپرسن من باسی دەکەم کورێکی زیتەڵەی رووخۆشەو ناوە ناوە لەپرێك قسەی دەوەستێ ودەمی تەتەڵە دەکات بۆیە لەدە قسە لەدوویان حاڵی نابین، بەڵام کەیفی بەگاڵتەوگەپ و برادەرایەتی دێ، لەبەر یەك شت من وهۆشیار زۆر جیاوازیمان لەگەڵی هەبوو ئەوبالای لەئێمە درێژترە، رێگەیەکی دورودرێژمان لەبەرقسان زوو برِی و خۆمان لەبەردەم ئەوکەپرەیە بینییەوە کەبەسەر سەوزاییەکە دەیروانی، لولەیتفەنگەکە بەژێریەوە ملی شۆربببوەوە، لەوە دەچوو تاقەتی تەقوتۆقی نەمابێ، سمکۆی برای وریا لەچاوەرێی ئێمەبوو تاهەواڵی خواردنی ترش وبرنج وگۆشتی نیوەرۆمان لای ئەوان نۆشی گیان بکەین، ئیدی بەسەرێکی دڵنەوایی و سووکەگفتێك بەرێمان کرد و تورەگەی خواردنی خۆمات لەلایەکی کەپرەکە هەڵواسی و هەرچۆنێ بوو بەخاکەناسە کلك شکاوەکەی باوکم یەك دوو بۆیەمان بەدانێك تەواوکرد، لەگەڵ خۆشما پرتەو پۆڵەیەکی زۆرم کرد، هۆشیار وای هەست دەکرد لەگەڵ ئەوم بێ، بەبەڵێ وسەری رەزامەندییەوە وەڵامی دەدامەوەوکەهیچیش لێم حاڵی نەدەبوو، ئۆف ئۆف، من ئەوە چەند جارە بەوباوکەم دەڵێم لەشار

دەسکێکی بۆ ئەو خاکەناسە بکرێ هەربیری دەچێ، ئەگینا خۆدەستی منیش یەك دوو جێی نەدەقڵیشایەوە، بەهەر حاڵ، شەوێکی تاریک تاریك بووە میوانمان، بیرم نەبوو ئەوە باس بکەم کەکاتی خۆی لەبەر ئەوەی لەمەکتەب زیرەك بووم و لەوسەردەمەش حەزم لەئامێری سازبوو باوکم بۆی کریبووم، ئەگەرچی هیچم نەدەزانی بیژەنم بەلام کەیفم وایخواست و ئەویش لەرێگە هاورێمان بوو، هەرچۆنێ بوو بۆپشوو و سەرخەوێك لەسەر کۆنە رایەخی داپیرەمان دانیشتین کەبەدەستی خۆی زەمانێك بەرلەئێستا بۆ باپیرەم دروستی کردبوو، لەوتەنیایە خۆمان لەگەڵ سازو قسەی خۆش خەریک کرد بەلام دەنگی خشپەخشپ وخرمەخرمی میوانی ناوەختەمان لەگەڵ دەنگی ئاوازە نەشازەکەم نێکەڵ بوون، ترس خۆی خزاندە نێوانمان بەدەم حیکایەت و پێکەنین وترسەوە شەومان بەنیوە کرد و لەگەردەی خەوی سپێدە دابوو لەپرێکا بگۆڕ پەیوەندییەکەی نێوان من و ئەوی پچراند من لێرە لەلای شیناییەکان بەتەنیا مامەوەو ئەویش تاپەیوەندییەکی تر لەنێوترێلەکە بەجێمهێشت ٠

serdarxoshnaw73@yyahoo.com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت